وەزیری داد: عێراق بووەتە یەکێک لە وڵاتانێکە زەرترین پابەند بوونی هەبووە بە ناردنی ڕاپۆرتی پێویست بە مەلەفی مافەکانی مرۆڤ

بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەحەمەد شیاع سودانی بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە دووەمین کۆنفرانسی پلانی نیشتمانی بە مافەکانی مرۆڤ لە عێراق بەڕێوەچوو، کە لەلایەن وەزارەتی دادوە ئامادەکرابوو و بە دروشمی (دەوڵەتی مرۆڤ ئامانجمانە) ، هاوکات لەگەڵ 75 هەمین ساڵیادی جاڕنامەی جیهانی بە مافەکانی مرۆڤ.

نوسیگەی راگەیاندنی وەزیری داد لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:" وەزیری داد لە وتارەکەیدا لە میانی کۆنگرەی دووەمی پلانی نیشتمانی بە مافەکانی مرۆڤ، وتی: حکومەتی عێراق کاری کردوە بە چوارچێوەدان بە بەگەنامەی مافی مرۆڤ، هاوکات کار بە باشترکردنی بارودۆخی زیندانەکان دەکات ، و گەڕی لە ئەشکەنجەدان دەکات ، و هەڵی کار بە دەرچووانی دەزگەخسنەت، و گرنگی بە بوژاندنەوەی کەرتی تایبەت دەدات ، بە ئاماژەدان بەوەی کە حکومەت ڕەشنووسەکی نوێی بە ئازادی خەپیشاندان بەپێی پێیمانی نەودەوەتی لەسەر ئەم بابەتە خستەتەروو . ئاماژەی بەوەشکرد:- حکومەت پلانی بە مامەڵەکردن لەگەڵ گەلانی کەشوهەوا و کاریگەرییەکانی لەسەر مافەکانی مرۆڤ داناوە. "شوانی " دووپاتی کردەوە کە عێراق بووەتە یەکێک لە وڵاتانێکە زەرترین پابەندی نیشانداوە بە ناردنی ڕاپۆرتی پێویست بە دەسیەی

ما فەکانی مرۆڤ. هەروەها وتیشی:-"محەممەد شیاع سودانی"سەرۆک وەزیران ، پێشنیازی وەزارەتی دادی سەبارەت بە یەکخستنی هەیکەلی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ما فی مرۆڤ پەسند کردوە بە بەدواداچوون بە ئەم میکانیزمە پێشکەوتووە.